ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## جووڵانەوە لە Flash MX.

نووسەر: Kurdo
@: Kurdboy70@Hotmail.Com

بابەت: ئانیمەیشن کردن لە بەرنامەی فلاش، ئەو بابەتە بریتی یە لە دروست کردنی فلیمێک بە بەرنامەی Flash MX ، کە بریتی یە لە چەند ژمارەیەک کە لە ژمارە 10 یەوە بەرەو خوارەوە دەچێت بۆ ژمارە 1، گرینگ ئەوە ئێمەی کوردیش ئاشنایی پەیدەبکەین لەگەڵ ئەو بەرنامە جوانە کە شتی زۆر جوانی پێ دەکرێت.

سەرەتا تەزدەکەم بەکورتی تیشکێک بخەمە سەر پێکهاتەکانی بەرنامەکە.




بەشی Tool کە بریتی یە لە بەشی ئامرازەکان، لە بەشە دەتوانی ئامرازێک هەڵبژێری وێنەو نووسین و شتی تری پێ بکەی،




Timeline بەکاردێت بۆ دانانی مەوداو کات بۆ وێنەکەت، ئەو بەشە زۆر گرینگە




بەشی Palet لە بەشە زۆر شتی تری تێ دایە بۆنموونە Color mix کە بەکاردێت بۆ گۆڕینی ڕەنگی دووگمەو تێکست و شتی تر، وە زۆر سیفەتی تر لە خۆ دەگرێت.




لەبەشی Properties دەتوانی بۆ نموونە قەبارەی لاپەڕەکەو ڕەنگی دواوەی بگۆڕی، هەروەها نموونەیەکی تریش لەکاتی نووسین دەتوانی لەم بەشە قەبارە و ڕەنگ و فۆنی نووسینەکە بگۆڕی.
ئەمە زۆر بەکورتی باسێکم خستە سەر پێکهاتەکانی بەرنامەکە.

هەنگاوی دروست کردنی فیلمەکە.
ئێستا بڕۆ بەرنامەی Flash MX بکەوە.
بەنچەرەیەکی وات بۆ دێت.




تۆ Flash Document هەڵبژێرە تاکوو پەڕێکی تازەمان بۆ بێت. گەر ئەو پەنجەرەی نەدابوو دەتوانی لە File / New هەڵبیبژێری.

ئێستا لە دوای ئەنجام دانی هەنگاوەکانی سەرەوە، لە بەشی ئامرازەکان Tool دا، Text Tool هەڵبژێرە، برۆ لەناوەڕاستی پەڕە سپی یەکە چوارگۆشەیەک بکێشە لەناوی دا ژمارە 10 بنووسە سەیری خوارەوە بکە لە بەشی Properties دەتوانی فۆنت و قەبارەی نووسینەکە و ڕەنگی نووسینەکەت بگۆری.

ئێستا دوای ئەنجام دانی ئەو هەنگاوەی سەرەوە دەبێت وەک ئەو وێنەیە بێت.




TimeLine، ئەوبەشە پێک دێت لە Frame. لەو وێنەی سەرەوە دەبینین لە چینی Layer 1 لە ژێر ژمارەی 1 خانەیێک دیاری کراوە بەڕنگی ڕەش وە بازنەیەکی سپی تێدایە. ئەوە پێی دەڵێن Frame.

ئێستا تۆ برۆ بە مشکی کۆمپیتەرەکەت Frame 2 دیاری بکە لە تەنیشت فرێمی یەکەم وەک ئەو وێنەیە،




پاشان کلیک بکە سەر F6، دەبینین فرێمێکی تازە درووست دەبێت، ئێستا Frame 2 دیاری بکە بە ئامرازی نووسین Text Tool لە ناوەڕاستی پەڕەکە ژمارە نۆ بنووسە بە هەمان فۆنت و قەبارە.




ئێستا برۆ کلیک بکە سەر فریمی دووەم کە ژمارەی نۆمان تێدا نووسی دیاری بکەو کلیکی ڕاست بکە سەر هەندێ خیارەت دەداتێ تۆ Copy Frames هەڵبژێرە.

برۆ فریمی سێ یەم تەنیشت دووەم هەڵبژێرە دیاری بکە کلیکی ڕاست بکە ئەمجارە ئەوە هەڵبژێرە، Paste Frames دەبینین ناوەڕۆکی فریمی دووەم هاتووە ناو ئەو فریمەی کەتازە دروستمان کردووە، ئێستا بە ئامرازی Text Tool دووجار کلیک بکە سەر ژمارە نۆ دەبینین دەتوانین بیگۆڕین ژمارە 9 بکە بە 8 . هەمان هەنگاو دووبارە بکەوە لەگەڵ ژمارەکانی تر 1،2،3،4،5،6،7 .

ئەنجامی کۆتای دەبێت وەک ئەو وێنەیە بێت.




ئێستا کارەکەمان تەواو کرد، دەمانەوێت فلیمەکە تاقی بکەینەوە بزانین چۆنە.
لە بەشی سەرەوە Control کلیک بکە پاشان Test Movieهەڵبژێرە. یان Ctrl+Enter کلیک بکە.
دەبینین پەنچەرەیەک دێت کە فلیمەکەمان تێدا پیشاندەدات.

نموونەی کاری ئەم بابەتە.
بە هیوای ئەوەی کە سوودی هەبووبێ.

Nov 2005 10

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت